کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 1:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەڵامێک بۆ ئاوێنە و تاقگە سابیر ... کاوە پشدەری**

زۆرم سەیر لێ هات کەچەند رۆژێک لەمەوپێش رۆژنامەی ئاوێنەنووسینێکی تەعلیق ئامێزی لەسەر مەلا عەبدولخالقی مزگەوتی رووناکی بلاو کردبووەوهیچ رێزێکی نەبۆ گوێگرانی دانا بوو نەبۆ خودی ئەو ماموستا بەرێزە.

لەسایتی ئەلەکترۆنی کوردستان نێت یش دا تاقگەسابیر هەر بەهەمان شێوەسوکایەتی بەوتەو کەسایەتی ئەو مەلا بەرێزەئەکات وهیچ بایەخێک بۆ گوێگرانی دانانێت.

ئەوەی کەمن لێرەدا مەبەستمەبیلێم ئەوەیەکەگەر ئەر وتارانەلەرووانگەی بۆچوونی حیزبییەوەو وەکو کارێکی حیزبی نووسراون ئەوا هیچ گلەییتان لێ ناکەم گەر ئێوەبەبیری کەسانێکی تر بنووسن

ئەگەر لەروانگەی دژایەتی ئاینی و بروا نووسیوتانە، ئەوا ئازادن و دەتوانن هەر بیر و بۆچوونێکی شەخسیتان هەبێت تەعبیری لێ بکەن و ئەوەش بزانن کەلەبەرامبەر رای ئێوەشەوەرای پێچەوانەهەیەو ماموستا عبدالخالقی وتار خوێنی مزگەوتی رووناکی گوێگرانی خۆی هەیەو هەموو رۆژانێکی هەینی لەمزگەوتەکەدا جێ نامێنێت بۆ پەرستشکاران و تەنانەت لەسەر شەقامەکان نوێژ ئەکرێت.

خۆزگەئێمەی کورد گەر کەسێکمان نەویست یان کۆک نەبووین لەگەڵیدا یەکسەر هێڵێکی راست و چەپ نەهێنین بەسەریداو ئینساف وا دەخوازێت خاڵ بخەینەسەر پیتەکان

من وەکو کەسێکی کورد کەچەندان ساڵەلەئەوروپام و لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایەدا تێکەڵاو بووم ئاستێکی باشم هەیەلەتێگەیشتنیان، گەشتوومەتەئەو راستییەی کەلەئەوروپا زۆر زیاتر رێز لەدین و شوێن کەوتووانیانی و پیاوانی رۆحی ئەگیرێت وەک لەکوردستانی بێ سەرو بەری خۆماندا

سەیرەنازانم ئەو جۆرەکەسانەهەموو شکستییەخودیی و سیاسییەکان و دواکەوتن و نەفامییەکان بۆ ئاین ئەگێرنەوەو بێ ئەوەی خۆیانیان لەئاین شارەزا کردبێت و لێی تێ گەشتبن، وا ئەزانن پێشکەوتن لەهێرش کردندایەبۆ سەر بروا داران و بیرو باوەڕی زۆرینەی میللەت و پێشەواکانی ئایینی؟

من هیچ نەنگییەک لەوتەکانی ماموستا عبدالخالقدا بەدی ناکەم و پێچەوانەی هیچ راستییەکی زانستی و مەنتیقیشی نابینم.

لەو کەسانەدەپرسم ئایا گێرانەوەی خەونێک چ تاوانێکی تێدایە؟ئایا هیچ کام لەئێوەقەد خەوتان نەبینیووە؟ئایا لەنهێنی خەون تێ گەشتوون؟ئایا برواتان بەشتی غەیبی و نەبینراو نییەکەهەست بەکاریگەریی و جێ دەستەکەی دەکەین؟

ئەو ماموستا یەخەونێکی گێڕاوەتەوەو زۆر کەسیش تەنانەت لەکوردستانیش هاورایەلەسەر ئەوەی کەشاری هەولێر زۆر لەشارەکانی تر باشترەلەزۆر رووی مرۆیی و بەزەیی و هاوکاری و سادەیی ودینداریییەوە... هتد

من خۆم ماوەیەک لەمەوپێش گەشتێکم بەکوردستانی خوارووداکرد و ئەم راستییەم بەچاوی خۆم بینی پێشکەوتن قەد لەسوکایەتی و ناشیرین کردن و ئیهانەکردنی کەس دا نابینم ئەوەش حەرز و ئەوەگەز با دلسۆزانی میللەت بەچاکەکردنیان لەگەڵ هاولاتی کوردی مەینەت دیودا خۆیان خۆشەویست بکەن و وا بکەن کەبەرێزەی ئەو ماموستایەکار لەگوێگران بکەن کەبەپەرۆشەوەبچن بەدەم سەردانەکانییان وبەدڵ گوێ هەڵبخەن بۆ وتەکانییان

دانیمارک

2007-10-5

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
6-10-2007 1:53بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

.Don't let your dream ride pass you by. Make it a reality with Yahoo! Autos

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.